# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی

لە دەرەوەی وڵات 1984- 1998

## (2) چوارچێوەی ئیش

(لە ژمارە سێی گۆڤاری هەڵوێست دا ساڵی 1984 بڵاو کراوەتەوە.)

تەنیا ئاوات خواستن بەس نییە.. تەنیا نیازی چاک بەس نییە.. تەنیا (ڕاستە، وایە) بەس نییە. نیازی چاك پیرۆزە.. بیر کردنەوەی ڕاست پێویستە.. خواستی باش گرنگە.. بەڵام نیاز، بیر، خواست، ئەو ساتە دەبێتە هێزێکی ماددی، هێزێکی مێژوویی، هێزێکی هەرەوەزی کاریگەر، کە بگۆڕدرێ بە کردار... کە بخرێتە ئیش...

مەودای نێوان نیازی چاك و بیر کردنەوەی ڕوون و خواستی دڵسۆزانە و کردەوەی ڕۆژانە، چەندین بۆشاییان تێدایە کە دەبێ پڕ بکرێنەوە. ئەوەندە بەس نییە کە کورد بی.. ئەوەندە بەس نییە خۆت بە کورد بزانی، بە کوردی چاك بزانی، سەرکەوتنی کوردت گەرەك بێ. ئەمە لە ئاستی نیاز بەدەر نییە. مانەوەت لەم ئاستەدا وەك ئەوە وایە ژمارەیەکی ڕووت بی. ببی یان نەبی، دەورێکی کاریگەرت نابێ. بە چ دەچێ بڵێین: کورد بیست ملیۆنە. نە بابە بیست و پێنج. نەء سیءیە. مەسەلەی نەتەوە، مەسەلەی ژمارەی ڕووت نییە. ئێمە ژمارەیەکمان دەوێ کە مانای هەبێ... ژمارەیەکمان دەوێ کە شوێنی هەبێ.. ژمارەیەکمان دەوێ کە لە موعادەلەی سیاسی بزووتنەوەی مێژووی گەلی کوردستاندا جێی خۆی بگرێ، ئەرکی خۆی هەبێ.. کاریگەری خۆی بنوێنێ. کەمی بە کار و کاریگەر، لە زۆری زۆر و بێبەر باشترە. پێشینان وتوویانە: کەم و پوخت، نەك زۆر و بۆر.

بەڵام ئێمە کە باوەڕمان بە مرۆڤە کە باوەڕمان بە توانستی لە بنەهاتووی مرۆڤە.. کە باوەڕمان بە هێزی گەردوونی و خواستی مێژوو دروستکەرانەی مرۆڤە:

باوەڕمان وایە کە هیچ مرۆڤێك ژن یا پیاو ژمارە نییە.. کە هیچ مرۆڤێك، گەر هەل و مەرجی دروستی بۆ برەخسێ، گەر هێزی مرۆڤایەتی خۆی بدۆزێتەوە و بخاتە کار، درەختێکی زڕ نییە.... ئاژەڵێکی بێ هۆش و گۆش نییە... بەڵکو هێزێکی بنیاتنەر و

داهێنەرە. باوەڕیشمان وایە کە مرۆڤی کورد، هەر مرۆڤێکی کورد دەتوانێ دەوری خۆی، نەك تەنیا لە ناو چورچێوەی خەباتی گەلی کوردستاندا، بەڵکو لە چواچێوەی خەباتی دیموکراسی و گەردوونی مرۆڤایەتی هاوچەرخدا، ببینێ.
دەروی خۆی ببینێ، وەك ئەرکێکی مرۆڤانەی پیرۆز و مەزن، نەك وەك ژمارەیەکی ڕووت. بەڵام لە سەرمانە ئەم دەورە وەك کورد ببینین: نەك بیژووە کورد، کوردی تواوە، کوردی کۆزمۆپۆلیتان.
ئێمە، بە درێژایی مێژوو، دوژمنانمان، دوژمنانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، ئەو هەل و مەرجانەیان لێ سەندووین کە وەکو مرۆڤی کورد، وەکو کوردەواری و کۆمەڵگای کورد، وەکو نەتەوەی کورد، بەشداری خۆمان لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی شارستانێتی جیهانیدا بنوێنین. دوژمنانمان جگە لە هێرش و شاڵاوی دڕندانە و وێرانکارانە و داگیر کەرانەی ڕاستەوخۆ، توانیویانە، لە بەر زۆر هۆی جوگرافی و مێژوویی، (چوارچێوەیەکی تواندنەوە) لە دەوری گەلەکەماندا درووست بکەن... توانیویانە: سەرباری تاڵان کردنی ئابووری وڵاتەکەمان، هێز و وزە و توانست و لێهاتوویی مرۆڤی کوردیش بۆ خۆیان بدزن، بمژن، بیتوێننەوە.

جەنگاوەری گەورە دڵ، سەرکردەی بی هاوتا، زانای بیر فراوان، سیاسەتمەداری لێزان، مێژوو نووس و شاعیر و نووسەری بەناوبانگ، کەڵە ڕووناکبیرانی تازە خواز، سنعەتکار و هونەر زانانی بێ وێنە... هەموو ئەمانە و زیاتر لەمانە، بە درێژایی مێژوو، خاکی پیرۆزی کوردستان ژیانی پێ بەخشیون، ئاو و هەوای پاکی چیاکان پەروەردەی کردوون، باوەشی گەرم و لایلایە و مەتەڵ و داستانی دایکی کورد پێی گەیاندوون: کەچی لەناو (چوارچێوەی تواندنەوە)دا سەریان هەڵداوە... گەرچی زۆریان مۆرك و نیشانەی تایبەتێتی کوردستانیان بزر نەکردووە.. بەڵام هەرچۆنێ بێ، بوونەتە موڵکی کەلتووری بێگانە.. بوونەتە سامان و جێگەی شانازی بێگانە... بوونەتە بەشێك لە مێژوو و شارستانێتی بێگانە.... هۆکانی ئەم دیاردەیە گەلێکن... تێکەڵ و بە گرێ و گۆڵن.. ڕەنگە لە دەرفەتێکی دیدا بە درێژی لێیان بدوێین.
بۆ ئێستا دەڵێین: هۆی بنچینەیی سیاسییە... واتە نەبوونی هەوێتی نەتەوەیی سەربەخۆ لە شێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان دەسەڵاتێکی سیاسی سەربەخۆدا ... ڕەگە مێژووەکانی ئەم هۆیەش زۆر لە مێژینەن: سەرەتا لە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیا بە دەستی فارسەکانەوە و ، دوایی پێهاتنی یەکەم پێکهاتەی نەتەوەیی کوردستانی لە مێژوودا... دەست پێدەکا لەوساوە کوردستان بوو بە مەیدانی بەربەرەکانی ئیمپراتۆریەتی دراوسێکان... لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمیشەوە بوو بە مەیدانی بەربەرەکانی هێزە ئیمپریالیستەکان.
لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمیشەوە پارچە پارچە و دابەش کرا. بەم جۆرە، گەرچی گەلی کورد هەمیشە ئازادی خۆی پاراستووە، بەردەوام میرنشینی سەربەخۆی هەبووە، بڵێسەی شۆڕشی نەکوژاوەتەوە، لە هیچ کاتێکدا کوردستان نەیتوانیوە یەکێتی‌یەکی نەتەوەیی (سەربازی، سیاسی، شارستانی) وەك سەردەمی میدیا بە دەست بێنێتەوە... بەڵکو هەر لەو ساوە (چوارچێوەی تواندنەوە) خۆی دروست کردووە. تواندنەوەکە، وەنەبێ لە شێوەی لە ناوبردنی کەلتووری میدیا (کوردستان) و سەپاندنی کەلتوورێکی دیکە بووبێ.

هیرۆدتس، باوکی مێژوو، لە کتێبەکەیدا، باسی ئەوە دەکا چۆن فارسەکان شەیدایکەلتوور و شارستانێتی میدیا بوون، چۆن تەواوی شێوەی ژیانی خۆیان لە خواردن و جل و بەرگ و ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵی گۆڕی و شێوەکانی میدیایان وەرگرت و لە دواییدا، کردیانن بە هی خۆیان!! (سترابۆ) هەر ئەو ڕاستییە، لە ڕوانگەیەکی ماددی زانستییەوە شی دەکاتەوە.. ئەمە یەکەم نموونەی (تواندنەوەی بەراوەژوومان) لە مێژوودا دەداتێ..

واتە: کەلتووری خاکێکی داگیر کراو، هێزی داگیرکەر لە ناو خۆیدا دەتوێنێتەوە!!.

وەنەبێ ئەمە تەنها ڕێکەوتێکی مێژووی بێ. دۆزینەوە ئارکۆلۆجیەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا: ئەو ڕاستییە مێژووییە گرنگەیان دەرخست کە کوردستان یەکێکە لە هەرە کۆنترینی ئەو ناوچانەی شۆڕشی (نیولتیکی) واتە گواستنەوە لە سەردەمی بەردییەوە "لە ئەشکەوتەوە" بۆ نیشتەجێ بوون لە گوندی کشت و کاڵیدا) تێدا ڕوودوە..

بەلای کەمەوە (3500) پێش ئەوروپا، کوردستاننشینەکان توانیویانە دەست بەسەر هونەرە مەزنەکانی بنیاتنانی شارستانیەتدا بگرن.. توانیویانە سروشت ڕام بکەن، زەوی بکێڵن و بچێنن و کشت و کاڵ و بەرهەم بێنن.. توانیویانە چنین بێننە کایەوە و جل و بەرگ دروست بکەن.. توانیویانە ئاژەڵ ماڵی بکەن و بەخێوکەن و بەرهەمەکەی وەك خواردەمەنی جیاواز درووست بکەن، توانیویانە قاپ و قاچاغی ناو ماڵ دروست بکەن.

ئەوروپا، لە ڕەوانگەی ۆرو-ناوەندییەوە، کە لە ناوەڕۆکدا ڕەوانگەیەکی ڕەگەزپەرستانە و ئیمپریالیستانەیە، هەموو پێشکەوتنێکی زانستی بەهی خۆی حسێب دەکا... لەم ڕوانگەیەوە، زانست تەنیا لەم دوو سێ سەدەی دواییەوە دەست پێ دەکا... بەلام وەك زانا و (ئەنثرۆپۆلجیست)ی بەناوبانگی فەڕەنسی (کلود لیڤی ستراوس) زۆر زانستانە ڕوونی کردۆتەوە: (ئەو ڕاستییەی کە زانستی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەکی کەم، گیر و گرفتێك دێنێتە پێشەوە کە "ئیثۆلۆجیستەکان" بە تەواوی لێی وورد نەبوونەتەوە... " ناکۆکی نیولتیکی Neolithic paradox ناونانێکی گونجاوی ئەم گیر و گرفتەیە).

لیڤی ستراوس دەری دەخا، کە هەموو هونەرێك لەو هونەرە مەزنانەی بنیاتنانی شارستانێتی نیولوتیکی، هەر تەکنیکێك لەو تەکنیکانە بە شانس و ڕێکەوت درووست نەبوون، بەڵکو لە ئەنجامی (چەندەها سەدە تێڕوانین و ووردبوونەوەی چالاك و میتۆدییانەوە گریمانی ئازایانە کە بە هۆی ئەزموونی بێ کۆتایی دووبارە کراوەتەوە و ڕاست و چەوتیان دەرکەوتووە، هاتوونە کایەوە).

کەوایە: کە ئێمە دەڵێین کوردستانەکەمان لانکەی شارستانیەت و زانستە، تفەنگ بە تاریکیەوە نانێین و ئێمە تەنیا ڕاستییەکی مێژوویی، زانستی دەخەینە ڕوو. بە هەرحاڵ ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەسەپێنێ: دروست بوونی شارستانیەت، خۆی لە خۆیدا، نییە... بەڵکو بەردەوامبوونی شارستانییەتە.... بەر لەوەی جارێکی دی، دەستنیشانی هۆیە مێژووەکان بکەین، مەرجە بزانین بەردەوامبوونی شارستانییەت، چییە و چۆنە........ ناوەڕۆکی شارستانێتی هەر نەتەوەیەك کەلتوورەکەیەتی.

کەلتووریش لە هەر قۆناغ و سەردەمێکی مێژوویی‌دا، لە سێ جۆورە (بوون)دا خۆی دەنوێنێ:

1- شێوەی بوونی ماددی کەلتوور: واتە ئەو بەرهەم و کەرەسە و دروستکراوە مادییانەی لە ئارادان و وەك بابەتی بەرهەمهێنان، یان ژیان بە کاردەهێنرێن.

2- شێوەی پراوە کردنی کەلتوور: کەلتوور شتێك نییە تەنیا بوونێك، بابەتی هەبێ... کەلتوور نێوەندی ژیانە: کەلتوور پراوە دەکرێ، کاری پێ دەکرێ، دەخرێتیە ئیش (ممارەسە) دەکرێ. کەلتوور: لەگەڵ هۆشیاری مرۆڤدا تێکەڵ دەبێ.. ناوەوەیی دەکرێ: لە شێوەی خوو- و ڕەوشت و سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی‌دا خۆی دەردەبڕێ، لە شێوەی هەڵس و کەوت و پێوەندی کۆمەڵایەتی‌دا خۆی دەنوێنێ.. دەبێتە نێوەندی بیر و باوەڕ و بۆچوون و لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی، دەبێتە بۆتەی ڕەگەز و بنەکانی جیهانبینیی نەتەوە... زمان و شێوەکانی دەربڕین و بە کارهێنانی زمان سەر بەم جۆرە بوونەی کەلتوورن وەك پراکتیك.
3- شێوەی تۆمار کراویکەلتوور، چ وەك وێنە و نەخش و نووسینی سەر بەرد و پێست و چ وەك جۆرە نووسینەکانی تر. کەلتووری نووسراو و تۆمار کراو ڕاستەوخۆترین بەڵگەی مێژوویی پێشکەش دەکا و دەرگای زانین سەبارەت بە ڕابردووی نەتەوەکان دەخاتە سەر پشت. کەلتووری بە زمانی نەتەوەیی نووسراو دەبێتە موڵك و میراتی نەتەوە و سامانی زیندووی نەتەوە یەك لە دوای یەکان.. دەبێتە بنەمای هەوێتی نەتەوەیی. دەبێتە تۆماری ژیان و شارستانێتی و مێژوویی نەتەوە.
ئەم سێ شێوە بوونەی کەلتوور لێک دابڕاو نین.. بەستراون بە یەکەوە، بە هەرسێکیان یەکێتی کەلتووری نەتەوەیەك لە قۆناغی مێژووی دیاریکراودا پێك دێنن.
دۆزینەوە ئەرکۆلۆجییەکانی کوردستان: کۆنی و مەزنی شارستانێتی کۆنی کوردستان نیشان دەدەن. گۆزە و دیزە و هیزە و کوپە و کەندوو و کاسە و کەوچك و قاپ و قاچاغی ناوماڵ و بەڕە و مافوور و جۆرەها چنینی تر، ئەو بابەتانە نین کە ڕەنگە ئێستا زۆرمان بە چاوێکی سووکەوە سەیریان کەین... گرنگی ئەوانە... وەك لیڤی ستراوس ڕوونی کردۆتەوە لەو پرسیارە مەزنانەدایە کە دەیانخەنە بەردەم هۆشی ئێستای مرۆڤ: داخۆ ئەو بابەتانەی لە ئەنجامی چەندەها ئەرك و هەڵە و ماندوێتی و تاقیکردنەوە و پێشکەوتنی بیر کردنەوەی شارستانی و کۆمەڵی مرۆڤ، داهێنراون و درووست کراون؟!
بەڵام گومانی نییە شێوەی زیندوو و کاریگەری کەلتوور: شێوەی بوونێتی وەك پراتیك.. ئەنترۆپۆلۆجیستە بۆرژوازییەکان، لە ڕوانگەی یۆروناوەندی و ڕەگەزپەرستی‌یەوە بۆ مەبەستی ئیمپیریالیستانە، چاوپۆشی لەم لایەنە زیندووەی کەلتووری نەتەوەکان، بە تایبەتی نەتەوەکانی جیهانی سێ، دەکەن، یان لە چوارچێوەی مێژوویی‌یە ماتریالییەکەی دەردەهاون، پەیوەندی لەگەڵ ڕابردوودا، دەپچڕێنن، ئەو لایەنانە هەڵدەبژێرن و دەخەنە بەر چاو کە بە لای ئەوانەوە سەیر و سەمەرە و عەنتیکەن و نیشانەی دواکەوتوویی و (بەربەرێتی) ئەو نەتەوانەن.. تەماشاکەرانی تەلەفزیۆنی بەریتانی بۆ نموونە، زۆر جار بینویانە، چۆن لە هەر گەشتێکی شا ژندا بۆ ئەفریقا، ئەفریقیەکان وا نیشان دەدرێن کە (بەربەرین) و لە سەما و هەڵپەڕین و خۆ ڕەنگ کردن بەو لاوە هیچ نازانن.. بەڵام ئەمە ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کە هەر باب و باپیرانی ئەو ئەفریقیە ڕەشانەی بوون کە مەزنترین شارستانیتیان لە مێژوودا درووست کردووە، کە دەورێکی گەورەیان لە دامەزراندنی شارستانێتی میسری کۆندا هەبووە، کە ئەو سەما و عادەت و نەریتانەی ئەمڕۆشیان، بەردەوامی ئەو ڕەگە شارستانییە کۆنانەن کە ئۆباڵی دوا کەوتنی ئەمڕۆی ئەفریقا و گەلانی جیهانی سێ، بە شێوەیەکی سەرەکی، لە ئەستۆی ئیمپریالیستان و جیهانخۆرانی سەرمایەداری ڕۆژئاوادایە!!

گەلی کوردستانیش، شارستانێتی کۆنی خۆی، نەك هەر لە بە هێزی و بە پێزی و جوانی زمانەکەی و دەوڵەمەندی و فراوانی فۆلکلۆرەکەیدا پاراستووە، بەڵکو (مرۆڤی کورد) خۆی وەك کەسێتی و ڕوانگەی جیهانبینی، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، خو و ڕەوشتی شارستانێتی کۆنی هەڵگرتووە و پاراستووە... بنچینەی سەرەکی ئەو پاراستنەش: پەیوەندی ڕۆحی ماددی نێوان مرۆڤی کورد و خاکە پیرۆزەکەی کوردستان، بووە!!.. خاکی کوردستان چیا سەرکەشەکانی و کەژ و گردە ڕازاوەکانی و دەشتە بە پیت و دەوڵەمەندەکانی، سەرچاوەی هێز و وزەی ڕۆحی و جوانی خوازیی و ژیانپەرستی مرۆڤی کورد بوون. شاخ... گەر چی لە هەندێ ڕووەوە ڕێی لە یەکێتی نەتەوەیی و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی گرتووە، لە لایەکی ترەوە: بۆتە گۆرانییەکی ڕۆحی هاوبەش لە نێو هەموو تیرە و هۆزەکانی خەڵکی کوردستاندا...

جوانی چیا بەفرینەکانی کوردستان: بەستەی سەر زاری هەموو لایەکی کوردەواری بووە... داستانەکانی ئەوینی چیا، وەك، خەج و سیامەند، لەم شاخەوە بۆ شاخ، لەم دۆڵەوە بۆ دۆڵ، لەم گوندەوە و بۆ گوند، دەنگیان داوەتەوە... دانیشتوانی هەر بەشێکی کوردستان بە زاری خۆیان دایان ڕشتووە...

لە بادینان و بۆتان، لە سۆران، لە بابان، لە موکریان و ئەردەڵان، داستانی خەج و سیامەند بێژراوە و گێڕدراوەتەوە. داستانی خەباتی مێژوویی هەر پارچەیەکی کوردستانیش، وەك قەڵای دمدم، دەنگدانەوەی لە ناو ویژدان و دڵ و دەروونی جەماوەری سەرانسەوی کوردستاندا بەرپا کردووە... بۆیە سەیر نییە: کوردەکانی ئازەربایجانی سۆڤیاتیش دمدم بە شێوە زاری خۆیان بڵێنەوە.

پەندەکانی پێشینان، کە تۆمارێکی زیندووی تاقیکراوەی لە مێژینەی کۆمەڵیی و شارستانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن، لە هەر لایەکی کوردستاندا، بە شێوە زمانێکی جیا هەن: بەڵام ناوەڕۆکەکەیان یەکە: هەموویان دەربڕینی جۆرە ژیانی جیهانبینی و لێکچوونی مرۆڤی کوردن. جیا لە هەموو گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند، کورد نەبۆتە یەخسیری بیری ئاینی... جیاوازی کەرتی دینی لە نێو گەلی کوردستاندا نییە..پڕوپاگەندەی ئاینی ناتوانێ کار بکاتە سەر خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێبازیان لێ بگۆڕێ.

مرۆڤی کورد زیرەك و وریایە... چاوکراوە و بیر فراوانە.. تازە خوازە... ئازا و لە خۆ بوردووە.. ژیانی خۆش دەوێ و بە تەنگەوەیە ئاشتی و بەختەوەری بۆ کۆمەڵەکەی زامن کا.. بە هاوبایەخی مرۆڤانەی بەرزی هەن و دەیانپارێزێ... باوەڕی بە فێڵ و فوت و تاوان نییە... باوەڕی بە (یەکێتی مرۆڤ) و برایەتی یەکسانی و هاوچەرەنووسی هەموو مرۆڤ هەیە.. لە درێژایی خەباتیدا، شۆڕشگێڕی کورد شێوەی (تیرۆریزم)ی بە کار نەهێناوە.. دیلی نەکوشتووە.. نەیویستووە لە سەر حسێبی پانکردنەوەی بێ هێز، هێز بۆ خۆی دروست کا. .پێشمەرگەی کوردستان، هەمیشە تا ئێستاش، نەیویستووە سەربازی ئاسایی بکوژێ، گەر بە حوکمی بەرگری کردن ناچار نەکرابێ. کوردستان، هەمیشە قەڵای سەختی ئازادی و بەربەرەکانی ئیمپریاتۆریەتە گەندەڵ و ستەمکارەکان بووە.. باوەشی دالدەی ئازادیخواز و دیموکراتانی گەلانی برا و دراوسێ بووە... کورد شەڕی نەویستووە و نایەوێ... پیلانی

ئەهریمانانەی ئیمپریالیزمە، کە ئەم داوە جوگرافییەی بۆ کورد ناوەتەوە و، شەڕێکی دڕندانە و نا مرۆڤانەی بەسەردا سەپاندووە.
شاعیری کورد، نووسەری کورد، ڕووناکبیری کورد هەمیشە چاوی لە هەموو جیهانە، لە قەڵەمەکەی خۆێنی هەموو گەلانی خەباتکەر دەتکێ... گۆرانی بۆ هەموو ئازادیخوازانی دنیا دەڵێ! خەباتی هەموو چەوساوەکانی جیهان بەهی خۆی دەزانێ. هەستی ئینتەرناسیونالی خاسیەتێکی مێژوویی ئەدەبی کوردە....

ئەمانە هەموو بەشێکن لە کەسێتی شارستانی مێژوویی بەردەوامی گەلی کوردستان. بەڵام چوارچێوەی تواندنەوە لە زۆر کاتدا، زۆربەی ئەو خاسیەتانەی هەڵ لووشیوە...
ئێستاش، وای کردووە، وەك شێوەیەکی بێ ناوەڕۆك بمێننەوە... وەك بۆتەیەکی بۆش... ئەم بۆشایی‌یە لە کەسێتی مرۆڤی کورد خۆشیدا، زیاتر و زیاتر ڕەنگ دەداتەوە.. تا دەسەڵاتی هێزەکانی داگیرکەر بەسەر کوردستاندا زیاتر بێ، تا شاڵاوی تواندنەوەی کەلتوور و شارستانێتی کورد، بەهێز تر بکرێ، تا دیواری (پەروەردەیی و کەلتووری) بێگانە زیاتر لە نێوان مرۆڤی کورد و هەوێتی تایبەتی خۆیدا دروست بکرێ، زیاتر و زیاتر، مرۆڤی کورد دەبێتە ژمارەیەکی ڕووت، شێوەیەکی بێ ناوەڕۆك، قسەیەکی بێ کردەوە... نیازێکی ڕووتی بێ نەخشە و ڕێباز...
ئەم دیاردەیە لە زۆر هەڵوێستدا ڕەنگ دەداتەوە... زۆر جار کەسێك دەبینی خۆی زۆر بە کورد دەزانێ، بەڵام زمانەکەی خۆی نازانێ، بە خۆشی ڕەوا نەبینیوە فێری بێ، گەرچی زمانی داگیرکەرانی وڵاتەکەی، یان زمانە ئەوروپاییەکان، باش دەزانێ و شانازی بەمەوە دەکا. کوردێك دەبینی زمانەکەی خۆی زۆر خۆش دەوێ، بەڵام هیچ نووسینێك بە زمانەکەی خۆی ناخوێنێتەوە!!
کوردێك دەبینی لە ووت و وێژ و قسە و گوفتاردا تا بڵێی کوردە! بەڵام کە دێتە سەر ئیش و کردار، دێتەوە سەر سفر!! هەیە، خۆی لەسەر کورد ئاوارە کردووە؟ یان وای دادەنێ؟ کەچی ئامادە نییە (سێ دۆلار) بۆ گۆڤارێکی کوردی، یان پاڵپشتی کردنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی کورد سەرف بکا.. لە کاتێکدا بەلایەوە زۆر ئاساییە کە (30) دۆلار لە باڕێکدا سەرف بکا..

لەم دیاردانەوە دەبێ: جۆری بیرکردنەوەمان دیاری کەین... دەبێ بە خۆماندا بچینەوە.... دەبێ بیر بکەینەوە تووشی چ نەعلەتیکی مێژوویی بووین کە وامان لێ دەکا: ئەو بۆشاییە لە هۆش و کەسێتیماندا درووست بێ.. کەوا (دوو ڕوو) دەرکەوین، کە وای دانێین: بۆ کورد خۆ بەخت دەکەین، چەوساوەیی و کوێرەوەری ئاوارەییمان لەسەر ئەوەیە کە کوردین: کەچی بچووکترین کار، یان هەڵوێست چییە کە خزمەتی گەلەکەمان بکا، خۆی لێ دوور بگرین. ئەرکی یەکەممان ئەوەیە، هەر یەکە لە شوێنی خۆمانەوە، چواچێوەی تواندنەوە لە ناو بەرین.
ئەوەش تەنیا تەنیا بەوە دەبێ کە بە خۆتدا بچیتەوە... کە خۆت لەو بۆشایی‌یە دەرباز کەی کە پەروەردە و بیر و سیاسەتی داگیرکەران لە مێشك و کەسێتی تۆدا دروستیان کردووە.. تەنیا بەوە دەبێ، کە لە ژمارەیەکی ڕووتەوە ببیتە ئەندامێکی کاریگەر... ئەو کاتە دەبیتە ئەندامێکی کاریگەر کە لە پێناوی نەتەوەکەتدا بژی... وەك ئەندامێکی نەتەوەکەت بژی.

ژیان لە پێناوی نەتەوەدا، گرنگ ترە لە مردن لە پێناوی نەتەوەدا، مردن لە لەحزەیەکدا تەواو دەبێ.
بەڵام ژیان لە پێناوی نەتەوەدا لە تۆ دەخوازێ هەموو لەحزەیەکی ژیانت بۆ نەتەوەکەت بەخت بکەی. ڕێگا نەدەی سات و ڕۆژ و ساڵەکانی تەمەنت لە چوارچێوەی تواندنەوە دا بەسەربچن.. ڕێگا نەدەی (کات) تۆ سەرف کا.. بەڵکو تۆ کات سەرف کەی... ڕێگا نەدەی خەو و خواردنەوە و تەمبەڵی و بێزاری و دوودڵی و گومان و دوورەپەرێزی: تەمەنت گەمارۆدەن. ئەو کاتە لە چواچێوەی تواندنەوە دەرباز دەبی کە وەك ئەندامێکی ڕاستەقینە و کاریگەری نەتەوەکەت بژی.
ژیان، وەك ئەندامێکی نەتەوە، مانای خۆ گەورە کردنە بە قەدەر گەورەیی نەتەوە... نەتەوە لە تاکە کەس گەورە ترە، لە عەشیرەت گەورە ترە، لە پارت و دەستەیەك گەورە ترە، لە شار و ناوچەیەك گەورە ترە.... ژیان بۆ نەتەوەکەت، تێکۆشان بۆ کوردستانەکەت، بەر لە هەموو شتێکدا ئەو گەورەییەی لە تۆ دەوێ... گەورە تر بی لە خۆت... لە هەستی خۆ پەرستانەی خۆت... لە ڕەوشت و خووی تەمەن بە فیرۆدەرانەی خۆت، لە هەڵوێستی دوور لە کردەوەی خۆت.... ئەو کاتە وەك نەتەوەکەت گەورە دەبی، کە ببیتە بەشێکی کاریگەر لە نەتەوەکەت...
وەك نەتەوەکەت گەورە دەبی، چونکە نەتەوەکەشت لە تۆدا، لە هەڵوێستی تۆدا، لە بیرکردنەوەی گەورەی تۆدا، لە کردەوەی سوود بەخشی تۆدا، گەورە دەبێ! بۆ ئەنجام دانی ئەمەش: مەرج نیە کاری گەورە بکەی! مەرج نیە خۆت بە کوشت دەی!!
نەء.. بچوکترین کار.. بەڵام کار.. دەتکاتە بەشێك لە نەتەوەکەت.. تۆش و نەتەوەکەشت گەورە دەکا..
چارەکە ملیۆنێك کوردی ئاوارە، لە ئەوروپادا هەیە. گەر هەر یەکێك مانگی تەنیا ( پاوەنێك) بۆ پرۆژەیەکی نەتەوەیی، یان بۆ پێشمەرگەی کوردستان، پێشکەش بکا: دەکاتە چارەکە ملیۆنێك پاوەن.
ئایا ئەم کارە بچووکە نەتەوە گەورە ناکا؟
یان هەر یەکێك لەوانەی ئەم یارمەتی یە دەبەخشن گەورە ناکا؟
با بڵێین ( 2000) خوێندەواری کوردی لە ئەوروپادا هەیە. ئایا گەر هەر یەکێك لەوانە گۆڤارێکی ( هەتیو) ی وەك ( هیوا)، ( چریکەی کوردستان) ، ( هەڵوێست) ، بکڕێ.
ناکرێ لەجیاتی ئەوەی ئەو گۆڤارانە بەچەند مانگێك جارێك دەرچن، هەموو مانگێك دەرچن و هێزو ووزەیەکی نوێ بە کەلتووری گەلەکەمان بدەن؟ ئایا نەتەوە گەورە ناکا؟ ئایا گەر هەر یەکە ( ئیمزایەك) بۆ پاڵپشتی مافی چارەنووسی کوردستان کۆکاتەوە، ئەمە نەتەوە گەورە ناکا؟... هتد.
تەنیا ( ڕاستە ، وایە) بەس نییە....
گەرچی دڵنیام ( بۆشایی یەکە) ئەوەندە گەورەیە، زۆر کەس ئامادە نین ئەم گۆڤارە بکڕن و بخوێننەوە: تا ( ڕاستە ، وایە) یان بەدەمدا بێ..
بەڵام باوەڕمان بەهێزە، کە ئەمڕۆ نا سبەی مرۆڤی کورد هۆشیار دەبێتەوە، هۆشیارییەکی نوێ، هۆشیارییەکی زانستی... ڕەسەنێتی شارستانێتی خۆی دەستێنێتەوە.. خۆی لە

چوارچێوەی تواندنەوە دەرباز دەکا.. بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم هەنگاو ئەوەیە: لە نیازی چاکەوە بەرەو بیرکردنەوەی ڕاست بڕۆین.. بیرکردنەوەشمان لە کردەوەدا بنوێنین:
نیازی چاك – بیرکردنەوەی ڕاست –
کردەوەی سوود بەخش:
بچووکترین کاری باش گەورەت دەکا:
نەتەوەکەت گەورەیی لەتۆ دەوێ.

(نیسانی 1984)

روون کردنەوە:
ئارکیولۆجی: کۆڵینەوەی زانستی لە پاشماوەو پەیکەرەکانی ڕابردووی دوور.
ئەنترۆپۆلۆجی: زانستی لێکۆڵینەوەی سروشتی مرۆڤ لە ڕووی خاسیەتە سایکۆلۆجی و تایبەتی‌یە کەلتوورییەکانی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە.
ئیثنۆلۆجی: کۆڵینەوەی زانستی لە ڕەگەزەکان و کەڵچەر و نەریت و ڕەوشتەکانی مرۆڤ.
(شایانی باسە کە ئەم دوو لکە زانیارییانە داهێراوی زانستی بۆرژوان و زۆر جار بۆ مەبەستی ئیمپریالیستی و ڕەگەزپەرستی بە کار دەهێنرێن. جگە لەوەی ڕوانگەی زانستی بۆ پەرەسەندنی مرۆڤ لەت دەکەن لە تێگڕای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی جیا دەکەنەوە).